# سیمای سروشت لەلای گۆتە

ن: فیرنەر هایزنبورگ
و: هاوڕێ رەشید

لەراسیتدا سیمای سروشت لەلای گۆتەو جیهانی تەکنیك و زانستە سروشتییەکان، بابەتێکی کۆنە وەك کۆشش و رەنج و هەوڵەکانی گۆتە بۆ تێگەیشتنی سروشت، هەروەها بابەتێکی کۆنە بەقەد کۆنی تویژینەوە زانستییەکانی، گۆتەش لەسەردەمێکدا ژیاوە کە سەرەتاکانی دەستپێکی جیهانی تەکنیك و ئەو زانستە سروشتییانە بوو کە ئێمە لە سایەیدا ژیان بەسەر دەبەین.

لەسەر ئەم بابەتە زۆر وتراوە، هەر لە گۆتەو هاوسەردەمەکانیەوە تا زانا سروشتییەکان و ئەو فەیلەسووفانەی دوای ئەو هاتوون. ئێمە لە مێژەوە دەزانین ئەو مەسەلەیە رۆڵێکی گرنگی هەبووە لە ژیانی گۆتەدا، هەروەهاش دەزانین هەموو شتێك لە جیهانی نوێماندا بۆتە جێگای پرسیارو گومان، و زۆرجار ئاماژەکراوە بەو کاردانەوەیەی کە گۆتە پیشانی داوە بەپەرۆش و هەڵچوونەوە دەرهەق بەو کەلێنە جیاکەرەوەیە لە نێوان زانستی رەنگەکانی تایبەت بەخۆی و زانستی رووناکی لەلای نیوتن، لەگەڵ ئەوەدا کە بەگشتی داننراوە بەو زانستەدا، هەروەها ئێمە دەشزانین کە وتویژەکەی لە دژیی نیوتن ناوبەناو چەند توندو خودی بوو، تێبینی ئەوەش کراوە کە رەخنەکەی بۆ رۆمانسیەت و هەڵوێستە رەتکەرەوەکەی بەرامبەر بەهونەری رۆمانسی لەسەر جۆرێك لە پەیوەندی رۆحی دژی زانستی سروشتی باوەوە پێگەییوە. سەبارەت بەم بابەتە زۆر ووتراوو نوسراوە، هەروەها تیشك خراوەتە سەر تێکڕای لایەنەکانی ئەو گرفتەی کە لە پشت هەموو ئەمەوە خۆی مەڵاس داوە، بەجۆرێ کە هیچ ئەگەرێ نەماوەتەوە جگە لە بەدواداچوون و پشکنینی ئەو هزرانەی چەندین جار خراونەتەڕوو.

بەدەستپێك لەوەوە کە جیهانی تەکنیك و زانستە سروشتیە هاوچەرخەکان پێی گەیشتوون لە مەعریفەو زانست، نەخاسمە چاوخشاندنەوە بەتازەترین پەرەسەندنەکاندا لەسەر ئاستی زانستە سروشتیەکان.

ئەوە پێویستە دواتر قسەی لەسەر بکرێ، ئێمە لەکاتێکدا بەلای ئەو بۆچوونە رەشبینەدا ناچین وەك کارلیاسبورز ئەنجامیدا، ئەویش ئەوەیە کە گۆتە هیچ شتێکی لەلا نەماوە پێمان بڵێ، لەبەر هیچ نا تەنیا لەبەر ئەوەی خۆی لە جیهانی تەکنیکی هەڵکشاو لاداو، لەبەر ئەوەش ئەو گرنگیەی دەرك نەکرد لەم جیهانە تازەدا رێگای بەرەو مرۆڤ بدۆزێتەوە. ئێمە لێرەدا گەرەکمانە بچینە ژێر باری خواستەکانی گۆتەو کاریان پێبکەینەوە، هەروەها دەخوازین بەوە رووبەڕووی جیهانی هاوچەرخمان ببینەوە، ئێمە پێمان وا بەشت لە ئارادا بەڕەش بینیمان بکات. لەو سەدوو پەنجا ساڵەی رابردووەوە و لەو ساتەوە کە گۆتە بیری لەو دیاردە رەسەنەی دروستبوونی رەنگەکان کردەوە و، چەندین قەسیدەی لەسەر نووسی، جیهان بەجۆرێ گەشەی کردووە کە تەواو جیاوازە لەوەی گۆتە پێشبینی دەکرد. لەسەر ئەو شەیتانەی کە فاوەست لەگەڵیا ئەو پەیمانە خەتەرناکەی گرێدا، ئەو جیهانەی بەچەشنێکی کۆتایی بەرەو هەڵدێر کێش نەکرد، دەبێ بەهۆی ئەمەوە بەرەنگاری رەخنەگرە بەزەبرەکانی ئەم سەردەمەمان ببینەوەو هاوکاتیش لەسەرمانە جارێکی تر بەڕوانگەی ئەمرۆ بەمشتومڕە کۆنەکەدا بچینەوە.

گۆتە پێیوابوو هەر لێوردبوونەوەیەك و هەر تێگەیشتن و حاڵیبوونێك لە سروشت، لە ئینتیباعی هەستی راستەوخۆوە دەست پێدەکات، واتە بەو رووداوە سروشتیە ئازادو ئاشکرابووە راستەوخۆیەی بەردەمی هەستەکان دەست پێدەکات، نەك بەو دیاردە تاکیەی کە دەزگاکان لە بێژنگیان داوەو وەسفیان کردووە، لە سروشتەوە بەپێی دۆخەکان و بەشێوەیەکی توند هەڵێنجراوە. دەبا هەر بابەتێك کە هەڵی دەبژێرین لە فەسڵی (رەنگە فیزیۆلۆژییەکان) لە کتێبەکەی گۆتە لە زانستی رەنگەکان، وەربگرین. هاتنە خوارەوە لە چیای بووکین (هارنس)ی بەبەفر داپۆشراو لە ئێوارە وەختێکی زستانیدا، پاڵی بەگۆتەوە نا کە ئەم تێبینیە بکات: لەوێ سایەی وەنەوشەیی سوك و روون و بینراو لەو رۆژەدا لەکن بۆیەی ئەو بەفرە مەیلەو زەردە، وای دەخواست مرۆڤ جەخت بکاتەوە کە ئەوە رەنگێکی شینی تۆخی هەبوو لە کاتێکا کە لە بەشە رووناکبووەکانەوە زەردایی زۆری ئاوەژو دەکردەوە، وەلێ کە خۆر ئیزنی ئاوابوونی خواست و بەتیشکە نیواونیوەکەیەوە لەناو ئەو تەمە چڕەوە جوانترین رەنگی ئەرخەوانی کرد بەبەری گەردووندا، ئەوسا رەنگێکی تاریکی مەیلەو کەسك پەیابوو، دەکرا بەراورد بکرێ لەخاوێنیدا بەسەوزایی دەریاکان و لە جوانیا بەشینایی زومرود، ئەوجا دیاردەکە بزێوتربوو، بەپێی هەمان مرۆڤ خۆی ئەوا لە جیهانی فریشتاندایە. چونکە هەموو شتێ دوو رەنگی بریسکەداری بەیەکدا چووی وەرگرت بوو کە هارمۆنیەکی شەنگی لێ دەرهات تا ئەوەدەمەی لە دواییدا ئەو دیاردە پاکیزەیە لەگەڵ ئاوابوونی خۆردا لە ئاسۆ پاشان لە شەوی مانگ و ئەستێراندا دیارنەما.

لەوەدا گۆتە لە سنوری نیگاکردنی راستەوخۆدا نەوەستاوەتەوەو بەتەواوی زانیویەتی نیگاکردنی راستەوخۆ دەکارێ بەرەو مەعریفەو زانین بڕوات لەڕێی پەیوەندییەکەوە کە لە سەرەتادا لەسەر ئەو گریمانەیە دەکرێ و پاشان رووەو سەرکەوتن بە یەقین دەگات. بۆ نموونە گەواهییەك لە زانستی رەنگەکان وەردەگرم کە (بەگوێرەی ئەو، تەنها بەروانین لە شتێ هیچت دەستگیر نابێ و هەر روانینێك بەتێڕامان دەگاو هەر رامانێك دەگۆڕێ بۆ بیرکردنەوەو ئەوەی دواییش بۆ هاوبەندی، بەو پێیەش دەمانتوانی بڵێین ئێمە بەهەر نۆڕینێکی ورد یان لێووردبوونەوەیەکی قووڵ لەگەردوون تیۆرییەك دادەنێین. بۆ ئەوەی هەستین بەو کارەو سوربین لەسەر ئەنجامدانی بە هۆشمەندی و زانینی خودو بەئازادی و تەهەکوم، ئەگەر بەکارهێنانی ئەم ووشە جورئەتدارە شیاوبێت بۆمان، کەواتە دەبێت ئەو شارەزاییەمان هەبێت ئەوسا ئەو ئەبستراکتەی لێی نیگەرانین وای لێبێت بێ زیان بێ و ئەنجامی ئەو ئەزموونەی کە مەبەستمانە زیندوو بەسود بێت، دێتەدی).

بەدەستەواژەی (ئەو ئەبستراکتەی کە لێی هەراسانین). بەتەواوی بۆمان روون دەبێتەوە کە پێویستە لەکوێدا رێگای گۆتە لە رێگای زانستی ئەو سروشتە باوە جودا ببنەوە، بێئەوەش مەعریفە شتێکی مەحاڵە. چونکە ئەو رێیەی بەرەو ئەو بونیادە دەڕوا بێ یەك و دوو دەگاتە ئەبستراکت (التجرید) گۆتە ئەوەی دەزانی لەکاتێکا کە سەرقاڵی لێکۆڵینەوەکان بوو لە بواری مۆرلۆژیای رووەکدا. گۆتە پێیوابوو ئەو فۆرمە جۆراوجۆرانەی رووەکەکان کە ئەو لێیان وردبۆتەوە، بەتایبەتی لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ ئیتالیا، لێکۆڵینەوەیەکی وردو سەرجەمگیر زۆر بەروونی رێگای بۆ رۆشن دەکاتەوە تا یاسای بنەرەتی یەکگرتوو بناسێت و بدۆزێتەوە. ئەو قسەی دەکرد لەسەر ئەو فۆرمە بنەڕەتیەی کە سروشت لەگەڵیا هەمیشە گەمەی خۆی دەکا بەو شێوەیەی کە دیاردەکەوێ و چێژ دەدات. لەسەر ئەو ئەساسە گۆتە گەیشتە وێناندنی دیاردەیەکی بنەڕەتی، واتە رێگای گەیشتنی بۆ بونیادە رەسەنەکە دۆزییەوە گۆتە دەڵێ:

(بەڕاستی بەو نموونەیەو بەو کلیلەش مرۆڤ دەتوانێ ژمارەیەکی بێ سنور لە رووەکەکان ببینێتەوە تەنانەت ئەگەر بوونیشیان نەبێ، دەکارێ کە ئەوسا بوون و حەقیقەت و زەروورەتیان هەبێت). لێرەدا بەوە گۆتە لەسەر سنوری ئەو ئەبستراکتەدا دەوەستێت کە لێی هەراسان بووە، ئەو خودی خۆیشی سەرکەوتوو نەبووە لە بازدان بەسەر ئەو سنوورەدا، هەروەهاش هۆشداری داوەو ئاماژەشی کردووە کە پێویستە لەسەر فیزیکناسان و فەیلەسووفانیش پابەندبن بەو سنورەوە. ئەوە خۆ ئەگەر بێت و ئەو دیاردە بنەڕەتیە بدۆزرێتەوە ئەوسا شەڕەنگێزی هەر لە گۆڕێ دەبێ لەوەدا کە مرۆڤ قایل نابێ دان بنێت بەدیاردەبوونی دیاردەکەداو ئێمە لەگەڕان بەدوای شتێکی تردا کە خۆی لەپشتی ئەو

دیاردەیەوە حەشارداوەو دەبینین، ئەو کاتە ناچار دەبین دان بەوەدا بنێین کە لێوردبوونەوە سنوری هەیە، زانای سروشتناسیش لەسەریەتی واز لە دیاردە بنەڕەتییەکان بهێنێ و کاری پێیان نەبێ با لە پانتایی گەورەی نەمرییەکان و بێدەنگی و بێجوولەییە ئەزەلییەکاندا بمێننەوە. بۆیەش بەو پێیە پێویست نییە ئەو سنورە بپەڕێنرێت کە دەگاتە ئەبستراکت.

کەی بگەیتە سنوری لێنۆڕین، دەبێت لەوێ کۆتایی ڕێگاکە بێ، ئەو دەمە مرۆڤ لێنۆڕین دەگۆڕێتەوە بەهزرکردنەوەی ئەبستراکت. گۆتە لەسەر ئەو راستییەبوو کە ڕەهابوون لە جیهانی هەستپێکراوە واقیعیەکان و چونە ناو جیهانی ئەبستراکتی بێکۆتایی هەر دەبێ مرۆڤ بەرەو شەڕو خراپە ببات زیاتر لەوەی بەرەو خێرو خۆشی. بەلاّم لەراستیدا سروشتناسی لەسەردەمی نیوتنەوە ڕێگاگەلی تری گرتەبەر لە سەرەتاوە بە ئەبستراکت هەراسان نەبوو، ئەو سەرکەوتن و بالاّدەستیەی بەدەستی هێنا چ لە بارەی روونکردنەوەی سیستەمی هەسارە گەڕۆکەکان، یان سەبارەت بەبەکارهێنانی پراکتیکیانەی میکانیك، یان لە بارەی دەزگاو ئامێرەکانی بینینەوە یان پێشکەوتن لە چەندین کاروباری دیکەدا، هەر هەموو ئەوانە راستی و رەوایی ئەو زانستەیان سەلماندو زۆر خێراش ئەو هەموو سەرکەوتنە بووە هۆی ئەوەی کە هۆشدارییەکانی گۆتە کەس گوێیان لێنەگرێ. دیارە سروشتناسی هەر لە کتێبە گەورەکەی نیوتنەوە، (پرەنسیپە بیرکارییەکان بۆ زانستە سروشتییەکان و فەلسەفە) تا ئەمڕۆ گەشەسەندنێکی ئامانجدارو لۆجیکی بەخۆیەوە دیووە، لەکاتێکا دەرئەنجامەکانی سروشتناسی لەسەر ئاستی زانستە تەکنیکیەکان سیمای زەمینیان بەشێوەیەکی ریشەیی و سەرجەمگیر گۆڕیوە.

ئایا گۆتە سوکایەتی بەرکابەرەکەوە کردووە؟

ئەبستراکت لە زانستی سروشتناسی تەشەنە سەندوودا لە دوو جێی هەندێ جیاوازدا کامڵ دەبێت و، ئەرکی سەرشانیشمان وا دەخوازێ کە شتێکی کەم و ساکار بزانین لە تێکڕای جۆری دیاردەکان. لەبەرئەوەش پێویست بووە کە فیزیکناسان هەوڵبدەن بۆ ئاشکراکردنی رووداوە سادەکان لەنێو رستی دیاردە ئالۆزو سەرسوڕهێنەرەکاندا. بەلاّم ئاخۆ ئەو سادەیە کامەیە؟ سەرەتا لەسەردەمی گالیلۆوە تا رۆژگاری نیوتن ساکار ئەو رووداوەیە کە دەشێ ڕێڕەوە ڕێکوپێکەکەی بەدووورودرێژی و چەندایەتی و ماتماتیکی بێ هیچ سەختی و دژواریەك وێنابکرێت. کەواتە رووداوی سادە بریتی نییە لەو رووداوەی کە سروشت راستەوخۆ دەماندانێ، بەڵکو پێویستیە لەسەر فیزیکناس بەهۆی دەزگای زۆر ئالۆزەوە. لەسەرەوە تێکەڵەی دیاردە جۆراوجۆرەکان جیابکاتەوەو هەروەها لەسەریشیەتی شتی گرنگ لە هەموو پاشکۆ لاوەکیەکانی رزگار بکات تا پێشهاتە ساکارەکە خۆی بەتەنیا دەربکەوێت تا بتوانێت

ئەبستراکتی بکات، ئەوە جگە لە نموونەیەك لە نموونەکانی ئەبستراکت زیاتر نییە، گۆتە لەم بارەوە پێیوایە خودی سروشت بەوە دوورخراوەتەوە. لەم بارەوە دەڵێ: چارە نییە دەبێ بەرەنگاری ئەو بانگهێشتە جوزئیە ببینەوە کە دەڵێ، ئەوە هێشتا سروشت پێکدەهێنێ، ئەویش لانی کەم بەزەردەخەنەیەکی ئارامەوە یان بەسەر لەقاندنێکی سوکەوە، پاشان دەبێ بەمێشکی ئەندازیارە تەلارسازیەکەدا نەیەت بانگهێشتی ئەوە بکات کە تەلارەکانی پەناگەن یان پلەکانی هاتنە خوارەوەی شاخاویی و جەنگەڵن. وێنەیەکی تری ئەبستراکت خۆی حەشارداوە لە بەکارهێنانی بیرکاریدا بۆ وێناندنی دیاردەکان و وێنەکێشانیان بەچەشنێکی ئەندازەیی. لە میکانیکای نیوتنەوە بۆ یەکەم جار روون بۆوە هۆکاری سەرکەوتنی گەورەی بوو بێت کە دەکرێ بەشێوەیەکی پێکهاتوو بەوەسفێکی بیرکارییانە زەمینە ئەزمونیە بەرینەکان کۆبکرێنەوە، بەوەش دەکرێ مرۆڤ بەئاسانی لێیان تێبگات. یاساکانی گالیلۆ سەبارەت بەبەربوونەوەی تەنەکان و سووڕانەوەی مانگ بەدەوری زەمینداو جوڵەی هەسارەکانی ئاسمان و سووڕانەوەیان بەدەوری خۆرداو شەپۆڵەکانی لێدان و رێڕەوی بەردی هەڵدراو هیچ شتێ نین جگە لەوەی کە دیاردە گەلێکن دەکرێ لەو هاوکێشەیە هەڵبهێنجرێن کە ئەوەی تێدایە (قەبارە خێرایی وزە). هەروەها یاسای کێشی زەویش دەچێتە سەر ئەو هاوکێشەیە کەواتە ئەو هاوکێشە پێکهاتووە، کلیلێکە بۆ تێگەیشتنی تەواوی مەیدانە سروشتیە بەربڵاوەکان. گۆتەش بێ پەروا بەرەنگاری ئەوە دەبۆوە بچێتە ژێر باری درزی تەشەنە سەندووەی ئەو کلیلە. گۆتە لە یەکێ لە نامەکانیا نووسیویەتی بۆ تسیلیتر وتوویەتی: بەڕاستی شەڕەنگێزی گەورەی فیزیای هاوچەرخ لەوەدایە کە مرۆڤ بەشێوەیەك ئەزموونەکانی لە مرۆڤ دا بڕیوەو گەرەکیەتی لەو شتەدا سروشت بناسێ کە دەزگا دروستکراوەکانی ئاشکرای دەکەن، نەك شتێکی تر، نا بەڵکو بەوە دەیەوێ ئەوەی دەکرێ سروشت پێیهەڵسێت سنووردار بکات و دەلیلیش بۆ ئەوە دەهێنێتەوە).

هەمان حاڵەتیش لەگەڵ ژمێرەدا دروستەو، لەراستیشدا زۆر شت هەیە نایەتە ژماردن و هەروەها زۆر شتیش هەیە کە ناکەوێتە ناو ئەزموونی دیاریکراوی ئاشکراو روونەوە. ئاخۆ بەڕاستی گۆتە دەرکی نەکردووە بەو هێزە رێکخراوە یان بەوەی میتۆدی زانستە سروشتیەکان بەدەستی هێناوە لە مەعریفەو زانین لەسەر ئاستی ئەزموون و ماتماتیك؟ وە یاخود گاڵتەی کردووە بەو رکابەرەی بێوچان بەرەنگاری بووەتەوە لە زانستی رەنگەکان و لە جێیەکانی تردا؟ یان ئەو ئارەزووی نەبووە ئەو هێزە بناسێ چونکە بەلایەوە بەهاکان لەبەر شاڵاوی مەترسیدا بوون و ئامادە نەبووە بیانکاتە قوربانی، بەم چەشنە مرۆڤ ناچار خۆی دەبینێتەوە وەڵام بداتەوە کە گۆتە قایل نەبووە بەرێگای ئەم ئەبستراکتەدا بڕوات کە دەگاتە تێگەیشتنی تەواو

چونکە ئەم ڕێیە بەلای گۆتەوە پڕ هەڕەشەو مەترسی بووە. وەلێ ئەو هەڕەشە و مەترسیانەی کە گۆتەیان هەراسان کردبوو لە هیچ جێیەکدا بەتەواوی دەست نیشانی نەکردوون. فاوەست - مەزنترین کەسایەتیەکانی ناو ئەدەبی گۆتەو بەناوبانگترییینیان - وامان لێدەکا هەست بکەین پرسەکە کامەیە، فاوەست دوور لە چەندین شتی تری، فیزیکیەك بوو بێ هیوا مایەوە، لە ژووری نووسینگەکەدا دەبینرێت، چەندین ئامێرو دەزگا لە دەوروبەریان، قسەیان بۆ دەکاو ئەلێ: (ئەی ئامێرەکان بەڕاستی ئێوە بەو چەرخەو، بەو دانانەوە، بەو لولەك و گەزانەوە، گاڵتەم پێدەکەن، ئەوەتا لەدەرگاکەدا راوەستاوم. دەنا دەبوایە تۆ ئەو کلیلە بوویتایە و ئەگەریش زمانت پێچاوپێچ بوایە، هەر نەت دەتوانی قفڵەکە بکەیتەوە ڕەنگە ئەو نیشانە ناڕوونانەی کە لەناو کتێبی نۆستەردا مۆسدا بۆیان دەگەڕێی هاوشێوەی ڕەمزە بیرکارییەکان بن. ئەوجا بەڕاستی جیهانی سیمبۆل و ئامێرەکان و ئەو تاسەو تینویەتیە بەپەرۆشەی بۆ زانین و مەعریفەکە قووڵترو ئەبستراکت ئەبێت پاڵ بەکەسی ڕەشبین و بێ ئومێدەوە دەنێ کە لەگەڵ شەیتاندا پەیمانێك ببەستێ. چون ئەو ڕێیەی کە لەناوەڕاستی ژیانی سروشتییەوە بەرەو مەعریفەی ئەبستراکت دەڕوات لەلای شەیتان دێتە دووماهی، ئەمە ئەو مەترسیەبوو کە هەڵوێستی گۆتەی مۆرکردبوو بەرامبەر بەجیهانی سروشت و تەکنیك. گۆتە هەستی بەو هێزە شەیتانیانە دەکرد کە کاریگەرییان پەیداکردبوو لەو گەشەسەندنەدا و، گەیشتبووشە ئەو یەقینەی کە ئەرکی سەرشانیەتی خۆی لێیان ببوێرێ. ڕەنگە ئەو ڕەدەی کە دێت ئاسان نییە لەو جێیەدا، لە شەیتان دوورکەویتەوەو خۆتی لێ نەبان بکەیت. خودی گۆتە لەسەرەتاوە ناچاربوو هەروەها لە دواییشدا، پەنا بباتە بەر چارەسەری مامناوەندی، گرنگترینی ئەو چارەسەرانەش خۆ بەدەستەوەدانە بەڕێبازی کۆپەرنیکۆس لە ژیاندا، تەنانەت ئەو نەیتوانی خۆی رابگرێت لەبەردەم هێزی قەناعەت پێکەری ئەو ڕێبازە و، لێرەدا گۆتە ئەوەشی زانی کە ئەو هەڵوێستە قوربانیدانی زۆر دەخوازێ. دەگەڕێمە تا لە کتێبی زانستی ڕەنگەکان وەرگرم کە دەبێژێت؟ (بەڕاستی لەناو تێکڕای دۆزینەوەو بیروباوەڕەکاندا، ڕێبازی کۆپەرنیکۆس بێ وێنەیە لە کاریگەرییە فراوانەکەیدا بۆ سەر عەقڵی مرۆیی).

هەر کە دانرا بەوەدا کە جیهان خڕەو تەواوە لە خودی خۆیدا، ئەوسا لەسەری بوو واز لەو هەقە بەدەستهاتووە بەر فراوانە بهێنێ کە زەوی تەوەری گەردوونە. ڕەنگە تانهۆ رووی نەدابێ کە لەمرۆڤایەتی داخوازییەکی گەورە بخوازێت. کەواتە هەر یان هیچ شتێ بەفیڕۆ نەچووە؟ ئەم دانپیانانە: جیهان فیردەوسێکی ترەو، جیهانی بەرائەت و هونەر و تەقواو بڕوانامەی هەستەوەرو باوەڕهێنانە بەئیمان و ئاینی شیعری.

جێگای سەرسوڕمانیش نییە کە ئەمڕۆ ئارەزووی وازهێنان نەکا لەوە، هەر هەمووی و لە هەموو

دۆخەکانا دژایەتی ئەو جۆرە رێبازە بکات کە باوەڕەکەی مافی ئەو ئازادی هزرییە تاپۆ دەکات کە پێشتر پێشبینی و مەزەندە نەکراوەو بەخەیاڵی کەسدا نەهاتووە، یان توانای خوڵقاندنی (مەزنی نەداوەتێ و هیچ کامێکیانی هان نەداوە)

(لم یمکنە من خلق عظیم ولم یستحثە الی أي منهما) وا خۆمان دێتە بەرچاو ناچارین بەو گەواهییە بەرەنگاری ئەوانە ببینەوە کە لەم سەردەمەی ئێستاماندا گومان دەکەن لە دروستی سروشتناسی نوێ و پابەندییەکانی، تا دووربن لەو مەترسیانەی کە گۆتە لێیان دەترسا بۆیە پێویستە ئەوە پیشان بدرێ کە ئەو سروشتناسیەش بەدرێژایی رۆژگار گۆڕان دێنێ بەسەر بیروبۆچوونەکانیان یان راستیان دەکاتەوە بۆ نموونە دان نەنرابوو بەدروستی میکانیکای نیوتنداو دوایی تیۆری رێژەیی و تیۆری کوانتومی جێگایان گرتەوەو لێرەدا پەنایەك بۆ گومان کردن لەو بانگەشەی سروشتناسیەدا هەیە. بۆیە ئەو رەخنەو ئیرادگرتنە لەسەر خراپ حاڵیبوون دەوەستێتەوە، ئەوە کە چۆن لە پرسیارکردنەوە دەگەیتە زانین و مەعریفە، دەربارەی شوێنی زەوی لەناو سیستەمی هەسارەکاندا. هەرچەندە ئەوەش بەڕاست لە قەڵەم دەدرا کە تیۆری ئەنیشتاین لەرێژەییدا ئەگەری نەجوڵانی زەوی و ئەوەی کە خۆر لە جوڵەو سوڕانەوە ناکەوێ بەدەوری زەویدا، لە حسابی خۆیدا وەلا نەخست بوو، ئەمەش هیچ گۆڕانێکی نەکرد لە گریمانە یەکلاکەرەوەکەی تیۆری نیوتندا، بەوەی کە خۆر رەوتگای هەسارەکان دیاری دەکات بەهۆی کێشە بەهێزەکەیەوە، بۆیەش هیچ رێیەك نییە بۆ تێگەیشتن لە سیستەمی هەسارەکان بەشێوەیەکی راستەقینە مەگەر تەنیا لەوێوە نەبێ کە خۆر بەخاڵی دەستپێك و بەناوەندێکی هێزی کێش دابنرێت. پێویستە جەختیش لەسەر ئەوە بکرێ کە ناکرێ لە دەرئەنجامەکانی مرۆڤناسی هاوچەرخ قوتاربین ئەگەر ئەو میتۆدەی ئەومان قبوڵکرد کە دەڵێ: بەو نیگابانیەی کەگەشە دەکات بۆ ئەزموون و بەلێکدانەوەی عەقڵانی کە فۆرمە وردەکەی وەردەگرێ لە شێوەی بیرکاریدا. لە توانای مرۆڤدا نییە بەجدی گومان بکات لە دروستی دەرئەنجامەکان ئەگەر ئەزموون و لێکدانەوەی عەقڵانی پەسەند کرد. رەنگە لە توانای مرۆڤدا بووبێت کە پرسیاری خۆی دەربارەی بەها بکات و بپرسێت ئاخۆ مەعریفەی بەدەستهاتوو هیچ بەهایەکی هەیەو ئەگەریش مرۆ هەوڵنەدات بەچەمکی گۆتە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە، بەچەشنێ کە لەگەڵ رۆحی سەردەمی ئێستادا بگونجێ یان بەبیانوی سودمەندی ئەگەریش هەندێ گومانی لەگەڵدا بێت خۆبەدەستەوە بدات، ئەوکات دەکرێ سەرنج بدرێتە دەستکەوتەکانی زانستی هاوچەرخ و تەکنیکی نوێ و ئاماژە بکرێت و بەو چارەسەرە کارایە بۆ زۆرێك لە نەخۆشیەکان و بۆ سوککردنەوەی ئازارەکانی نەخۆشی بەهۆی دەرمانی تازەوە بۆ ئاسانی گواستنەوەو هاتووچۆ... ئەوەی کە گومانی تیا نییە ئەوەیە ئەو گۆتەیەی کە دەیویست

وەك پیاوێکی کارا لە ژیاندا راوەستیّ، تەنها بەتێگەیشتنێکی زۆرەوە بەرەنگاری ئەو جۆرە پاساوانە دەبۆوە. هەرکاتیّ مرۆڤ لە هەلۆیستی مرۆیی ئەو بوونەوەو لەو دژوارییانەی کە لەژیاندا دووچاری دەبنەوە، یان لەو خواستانەی کەڵەکە دەبن لەسەری، کەوتەڕیّ، ئەوسا ڕێزو تەقدیرێکی باڵای دەبیّ بۆ ئەگەری چالاکی زانستیانەی کاراو یارمەتیدانی ئەوانیترو چاککردنی گوزەران و دۆخی ژیان بەگشتی، ئەگەر مرۆڤ بەشێکی گەورە لە رۆمانی فیلهام مایستر ساڵانی گەڕانی گۆتە بخوێنێتەوە، یان دوایین فەسڵەکانی شانۆگەری فاوەست بخوێنێتەوە تێدەگات کە گۆتە چەند گرنگی داوەتە ئەو لایەنە لە گرفتەکان. بیّ گومان کە لایەنی زانستی لەلای گۆتە روون بۆوە زیاتر لەلایەنە جۆربەجۆرەکانی جیهانی سروشتناسی و تەکنیکیەکان. بەڵام گۆتە وێڕای ئەوە نەیتوانیوە دەربازبێت لەو ترس و نیگەرانییەی کە شەیتان دەستی تێدا هەیە. لە دوایین دیمەنی شانۆگەری فاوەستدا سەرکەوتنی ژیانی عەمەلی و گەشانەوەی هەڵدەگەڕێتەوە بۆ شتێکی پڕوپوچ و بێمانا، ئەویش بەکوشتنی فیلیمون و باوکیس.

بگرە لەوێش کە شەیتان راستەوخۆ دەست وەرناداتە کارەکەوە، بەڵام رووداوەکە بەکراوەیی دەمێنێتەوە لە بەردەم مەترسی کاریگەری ئەودا. لەبەرئەوە گۆتە ئاگای لەوەبوو کە خەریکبوو رووی دەداو هەروەهاش زۆرجار بیری لەوە کردبۆوە کە ئەو رووداوە چەند کاردەکاتە سەر رەفتاری مرۆیی. گۆتە لەنامە گۆڕینەوەدا لەگەڵ تسیلیتردا نووسیویەتی: (ئەو شتەی کە خێرا دەبێتە مایەی سەرسوڕمانی خەڵك و، ئەو شتەی کە هەموو مرۆڤێك بەتەمایەتی، خێرایی و دەوڵەمەندبوونە). ئەوەتا هێڵی شەمەندەفەرو پۆستەی خێراو پاپۆڕی هەڵمی و تێکڕای ئاسانکارییەکانی هۆیەکانی گەیاندن، ئامانجێکە کە زاناو رۆشنبیر چاویان تێبڕیوە بەمەبەستی رکابەری ئاڵوگۆڕکراوو باڵادەست بوون لەکاتێکا کە زاناو رۆشنبیرەکە لە سنوری تێکڕایی ناوەندیدا دەمێنێتەوە، بەڕاستیش ئەم ووتەیە، ووتەی عەقڵە لێهاتوو بەهرەمەندەکان و وتەی مرۆڤە کردەییە خێرا تێگەیشتووەکانە کە کەمێك شارەزایی و دەسترەنگینییان هەیە وایان لێدەکات هەست بەلوت بەرزی بکەن بەسەر خەڵکی ئاساییدا، خۆ ئەگەر لە پانتایەکی گەورەی زیرەکی و داناییشدا نەبووبن. لەرۆمانی ساڵانی گەڕاندا دەڵیّ: ئەمما نهۆ ئەوە ئەم سەردەمە سەردەمی لایەنگری و ئاسۆ تەسکیە، خۆشحاڵی بۆ ئەو کەسەیە ئەوە دەزانیّ و لە پێناوی خۆی و بەرژەوەندی ئەوانیتردا بەو چەمکە کاردەکات. بەم پێیەش گۆتە توانیویەتی بەشێکی گەورەی رێگاکە لەبەردەمیا بەدی بکات هەروەها بەنیگەرانیەکی فراوانەوە نواڕیویەتە ئەوەی کە بانگی روودانی شتێك دەدا. لەو دەمەوە سەدەو نیوێك تێپەڕیوە، ئەوەتا ئێمە دەزانین تائێستا ئەو رێگایە بەکویّ گەیشتووە، دوایین سیماو یادگارەکانی لەسەر

ڕۆخی ڕێگاکە دەبیبینین فڕۆکەی فیشکەدارو ماشێنی ژمێریاری ئەلکترۆنی و مانگی دەستکردو بۆمبی ناوەکی، بەڵام ئەو جیهانەی کە لەلایەن سروشتناسی نیوتنییەوە دیاریکراوەو گۆتەش پێشبینی کرد لێی دوورکەوێتەوە، ئەوەتا بۆتە واقیعێك بۆمان و بێ هودەیە ئەگەر بیر لەوە بکرێتەوە کە شەیتان دەستی تیایدا هەیە. بەڕاستی مرۆڤ هیچی لەسەر نییە جگە لە خۆ بەدەستەوەدان بەو دیفاکتۆکە، هەروەکو چۆن بەدرێژایی ڕۆژگار وەهای کردووە لەکاتێکا کە هێشتا نەگەیشتوینەتە دوماهی ئەو ڕێگایە، ئاخۆ ئەو مەبەستە بەڕاستی ئەو بایەخەی هەیە ئەم زانیاری و توانا تایبەتیانەی بۆ بخرێتەگەڕ.

کاتی ئەوەش هاتووە ئەم پرۆسەی گەشەسەندنی تەکنیکیە بەتەواوی و سەرجەمگیری زیندەوەرزانیش بگرێتەوە، ناوبەناو قسەش دەکرێ سەبارەت بەوەی مەترسیەکان زۆردەبن. تەنانەت دەربارەی هەڕەشەکان بەچەکی ناوەکی ڕەنگە ئەوە زۆر بەتوندی ببینینەوە لەو وێنە کاریکاتۆریەی جیهانی ئایندەدا کە هکسلی بەشێوەیەکی توندو بەزەبر بەناوی جیهانێکی تازەی بوێری. بەئەنجامگیریەکی ترسناکەوە ئەگەری پەروەردەکردنی مرۆڤ لە پێناوی ئامانجە دیاریکراوەکان دەخاتە بەر گاڵتەجاڕی، هەروەها پڕوپووچی ئەگەری ڕێکخستنی ژیانی سەر زەوی هەر هەمووی بەشێوەیەکی عەقڵانی، ڕووندەکاتەوە. واتە بەهەوڵ و کۆشش بۆ بەرژەوەندی و سودمەندبوون، بەوەش ژیان لە هەموو ماناکانی دادەبڕێت و ڕووت دەکرێتەوە، بۆیە پێویست ناکا دوورتر لەوە هەنگاو بنرێت تا مرۆڤ بزانێ خزمەتکردنی مەبەستدار بەهیچ جۆرێ بەهانییە، بەڵکو ئەوە ئەو پرسیارەی سەبارەت بەبەها هەیە لە جێگای خۆیدا هەڵخزاندووە لە پێناوی پرسیارێکی تردا کە ئەوەیە ئاخۆ ئەو مەبەستەی کە زانیارییەکان و توانستە تایبەتییەکان لەگەڵیا دەگونجێن کە دەکرێ خزمەتی ئەو مەبەستە بکات بەهەمان بەها. هەرچی پزیشکی هاوچەرخیشە بەشێوەیەکی بەربڵاو ڕەگوڕیشەی کۆمەڵێ نەخۆشی ترسناکی دەرهێناوە کە لەسەر گۆی زەوی تەشەنەیان کردبوو، هەروەهاش ژیانی خەڵکانێکی زۆری لە نەخۆشی ڕزگارکردووەو ئێش و ئازاری کوشندەی زۆر کەسی سوك کردووە، هەر پزیشکی نوێ بۆتە هۆی تەقینەوەی ژمارەی دانیشتوان لەسەر گۆی زەوی کە ئەوەش هەردەبێ ببێتە هۆی کارەساتی ترسناك، ئەگەر بێت و نەتوانرا ئەو تەقینەوەیەی دانیشتوان ڕابگیرێت و بەزووترین کات سنوردار بکرێ، لەڕێی وەرگرتنی ڕێوشوێنی ڕێکخستنی ڕاست و دروستەوە.

کێ دەیزانی پزیشکی هاوچەرخ ئامانجەکانی خۆی بەڕاست و دروستی لە هەموو جێیەك لە دنیادا، دیاری دەکات، سروشتناسی هاوچەرخ زانیاری نوێی پوختەو بێگومانمان دەداتێ، پاشان ئەو تەکنیکەی لەو زانستە کەوتووتەوە، بواری بەکاربردنی ئەو زانیارییانە دەستەبەر دەکات لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانج و هیوا گەورەو بەربڵاوەکان. هێشتا ئەو پێشکەوتنەی کە جیهان پێی گەیشتووە، ڕاڤە نەکراوە ئاخۆ هیچ

بەهایەکی هەیە! یان نا ئەوەش بەر لەهەر شتێ بەو وێنانەی دەرهەق بەبەهاکە ئیقرار دەکرێ، ئەو وێناندنانەی کە خەڵك بەرەو روویان هەڵدەخزێ لەکاتی دیاریکردنی ئامانجەکاندا، بۆیە ئەو وێناندنە ناکرێ لە خودی زانستەوە رەوانە بکرێ و هەر چۆنێ بێ تائێستا هیچی لێنەکەوتووەتەوە. بەڵام هەڵوێستگرتنی یەکلاکەرەوەی گۆتە دژی چەمکەکانی بواری سروشتناسی بەکارهاتوون لەسەردەمی نیوتنەوە، ئاراستەکراوە دژی هەرەسهێنانی هەردوو چەمکی (تەندروستی) و (راستی) لەو میتۆدانەدا. گۆتە پێیوابوو ناکرێ حەقیقەت و چەمکی بەها لێك جودا بکرێتەوە. ئەوجا چەمکی (الواحد الاحد والخیر والحق) لەلای گۆتەو فەیلەسوفە کۆنەکان وەك ئەو قیبلەنمایە وابوو کە توانی بەدرێژایی سەردەمەکان رێپیشاندەری مرۆڤایەتی بێ لەکاتی گەڕان بەدوای چەمکی حەقیقەتدا.

ئەگەر بێت و ئەو سیستەمە خوداییە هەڵنەستێت بەدیاریکردنی ئاراستەی خۆبەخۆیی لەناو ئەو زانستەدا، ئەوسا ئەو زانستە بەچەندین مەترسی گەورەو گران دەور دەدرێ. ئەوەش بەگوزارشتی گۆتە لە شانۆگەری فاوستدا کەوتووەتە ناو چنگی شەیتانەوە. لەبەرئەوە گۆتە ئەو زانستەی قبوڵ نەبوو کە لەناو جیهانێکی تاریك و نوتەکدا هیچ رۆشناییەکی ناوەندی نەبێ، رووناکی ببەخشێ و پەخشی بکاتەوە. نوری (الواحد الاحد والخیر والشر) کە ئەوە جیهانێکە پێشکەوتنی زانستی و تەکنیکی تیایدا هیچ بەهایەکی نییەو ئەو پێشکەوتنە تەنیا چەند هەوڵێکی بێ ئومێدانەیە بۆ ئەوەی دۆزەخەکە ببێتە جێگایەکی خۆش بۆ نیشتەجێبوون هەروەکو جارێکیان ئەلبیرشت هاللەر لەو بارەوە وای دەربڕیوە" پێویستە جەخت لەسەر ئەوە بکرێتەوە لەبەردەم ئەوانەی کە پێیانوایە دەتوانن مەرجە بنەڕەتییەکانی سەردەمێکی زێڕین بسازێنن لەڕێی تەشەنەپێکردنی شارستانیەتی زانستە سروشتی و تەکنیکیەکان لەسەرتاسەری ئاوەدانیدا و، بەم ئاسانیە ناکرێ لەدەست چنگاڵی شەیتان دەرباز ببێت. بەر لەوەی بگەڕێین بەدوای ئەوەدا کە هەر یەك لە (تەندروستی) و (حەقیقەت) ئاخۆ بەتەواوی لەیەك جودان هەروەکو تائێستا وا دەرکەوتووە، پێویستە لەسەرمان پرسیارێکی تر بکەین، پرسیارەکەش ئەوەیە کە ئاخۆ پێویست بوو لەسەر گۆتە پەنا بباتە بەر زانستێکی سروشتی تایبەت بەخۆی و بەرێبازێکی تایبەت بەخۆی بۆ دیتنی سروشت تا بەکارایی بتوانێت بەرەنگاری بژیوی جیهانی سروشتناسی و تەکنیکیەکەی ببێتەوە، کە لە دوای نیوتنەوە پێکهاتووە؟

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەدەبی گۆتە کاریگەرییەکی زۆری بەجێهێشت بەسەر سەدەی نۆزدەهەمدا، ئەوەی لە بارەوە زانراوە کە بیروبۆچوونی لە زانستی سروشتدا ئاشکرا نەبووەو نەناسراوە تەنیا لای ژمارەیەکی کەمی خەڵك نەبێت و ئەو دیدانەی نەگەیشتوونەتە وەبەرهێنان، وەلێ رەنگە تۆوی ئەوەیان تیابووبێت کە بەوردی گەشە بکەن نەخاسمە ئەوکاتەی کە ئیمانە ساکارەکەی بەپێشکەوتن

پاشەکشەی کرد لەبەردەم روانگەی واقیعی عەقلانیدا، بۆیە ئەمە وامان لێدەکا جارێکی دیکە پرسیار بکەین سەبارەت بەتایبەتمەندی روانگەی گۆتە بۆ سروشت و هەروەها تایبەتمەندی شێوازی ئەو لە روانین بۆ سروشت جیا لە شێوازی نیوتن و ئەوانەی دوای ئەو هاتن. لەبەرئەوە بەپلەی یەکەم پێویستە ئاماژە بکرێت بەروانگەی گۆتە بۆ سروشت کە لە مرۆڤەوە دەست پێدەکات و ناوەندی هەموو شتێك بریتییە لە مرۆڤ و ئەزموونە راستەوخۆکەی بۆ سروشت. بەدەست پێکردنیش لەم خاڵەوە دیاردەکان لەناو سیستەمێکی لۆژیکی تەندروستدا رێکدەخرێن. ئەگەر ئەو داڕشتنە گوزارشتییە دروست بێ و ئەگەریش بەڕوونی و ئاشکرایی داڕێژرابێت، ئەوە ئەوسا جیاوازییەکی گەورە دەبێت لە نێوان روانگەی گۆتە بۆ سروشت و روانگەی نیوتندا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، خاڵێکی بنەڕەتی پشتگوێ خستووە ئەویش ئەوەیە کە سیستەمی خوایی بەبۆچوونی گۆتە لەناو سروشتدا بۆ مرۆڤ دەردەکەوێ لەڕاستیدا گۆتەی بەسالاچوو وەك جاران نەی دەڕوانیە ئەزموونی خودی کە شتێك بێت جێگای بایەخ، وێڕای ئەوەش لەسەردەمی گەنجی ئەودا گرنگی زۆری دەدایێ: ئەوەی بەلای ئەوەوە جێگای بایەخە ئەو سیستەمە خواییەیە کە دەکرێ لەو ئەزموونەدا بناسرێت. چون مەسەلەکە لە روانگەی گۆتەوە مەسەلەیەکی بەتەنیا مەجازی یان خوازیاری هونەری نییە، ئەوەی کە باوەڕدار لە قەسیدەی (جێماوی بیروباوەڕی سوارچاکانی دێریندا) دەکەوێتە

ژێر کاریگەری دیمەنی خۆر ئەو دەمەی کە لەسەر چیاکانەوە هەڵدێ وای لێدەکات لەوەدا (خواوەند ببینێ کە لەسەر عەرش و تەختەکە وەستاوەو، ناوی لێدەنێ خوای سەرچاوەکانی ژیان و رێگایەك بگیرێتەبەر کە شایستە بێت بەو دیمەنە جوان و دلڕفێنە بالایەو بەناو ئەو رووناکیەدا خول بخوات). گۆتە پێیوایە پێویستە میتۆدی زانستی لەگەڵ ناوەڕۆکی ئەزموون لەناو سروشتدا، بگونجێ، بەوەش دەبێ بگەڕێ بەدوای دیاردە رەسەنەکەدا کە گەڕانە بەدوای ئەو بونیادەی لە بنەمای دیاردەکەیە کە خوا خولقاندویەتی. ئەو بونیادە ناکرێ تەنیا بەعەقڵ پێك بهێنرێ و بەس، بەڵکو دەکرێ راستەو ڕاست ببینرێ، سەرباری ئەوەش راستەوخۆ هەستی پێبکرێ.

گۆتە روونی دەکاتەوە کە دیاردە رەسەنەکە ناکرێ یەکسان بکرێ بەرێسا یان پرەنسیپێك کە دەرئەنجامی جۆراوجۆری لێ بکەوێتەوە، بەڵکو پێویستە بە دیاردەی بنەڕەتی دابنرێ کە لە هەناویەوە بەگشتی بڕوانرێتە سەرچاوەکەی و جوان تێی رابمێنێ. بەڕاستی ئەگەر بمانەوێ پەیامە شکۆدارەکەمان سەرەڕای هەموو کۆسپ و سەختیەکان بەجێ بگەیەنین پێویستە پێشبینی و یەقین و تێکڕای هەستەوەرەکانی دەست لێدان کە مرۆڤ بەکاریان دەهێنێ لەم گەردوونە پێکەوە هاوکاری بکەن. گۆتە بەروونی پێیوایە کە بونیادە بنەڕەتیەکە دەبێت هێندە بەیەکداچووبێت زۆر بەزەحمەت جیابکرێتەوە لەوەی کە ئاخۆ سەربەو جیهانەیە کە بابەتیانە ناسراوە یان سەر بەدەروونی

مرۆییە، لەکاتێکا ئەو خۆی هەر دوولایان دەسازێنێ. لەبەر ئەوە گۆتە پێشبینی دەکات کە ئەو بونیادە رۆڵی کارای دەبێت لە (نورین و پێشینی و یەقیندا). بۆیە دەبێ ئەم پرسیارە بکرێ؟ دەبێ لە کوێوە بزانین، یان گۆتە چۆن دەزانێ کە دەکرێ قولترین پەیوەندیە حەقیقیەکان راستەوخۆ دەرکەون بەچەشنێ کە راشکاو خۆی بنوێنێت؟

ئایا ئیحتیمالی ئەوە نییە لەبەردەمانا بەئاشکرا لە بەرزترین قۆناغەکانی ئەبستراکتدا ئەو شتە کە گۆتە هەستی پێکردووەو پەی پێبردووە، وەك سیستەمی خوایی بۆ دیاردە سروشتییەکە خۆی بنوێنێ؟ ئایا لە توانای سروشتناسی هاوچەرخدایە کە وەڵامی ئەوە بداتەوە لەگەڵ ئەوەدا کە توانای خۆی رابگرێ لەبەردەم خواستی بەها لەلای گۆتە؟ پێش ئەوەی بچینە سەر ئەم جۆرە بابەتە دژوارانە دەبێت ووشەیەك سەبارەت بەرەفزکردنەوەی رۆمانسیەت لەلایەن گۆتەوە بخەینەروو کە زۆرجار بەپەرۆشەوە لەسەری دواوە چ لە نامەکانیا، یان لە ووتارەکانی یان لە وتەکانیا، کە بەراستیش ئەوە ئاراستەی هونەری بوو لەو سەردەمەی ئەودا، هەرچەندە هەمیشە هەمان وەرگیراوی لەسەر رۆمانسیەت وەردەگرت کە بریتییە لە خودیەت و رۆچوون بەناو زیندەخەوو قالبوونەوە لە زێدەرۆیی و بێکۆتایی و هەستاریی دەردەدارو تەمتومان و بیرەوەری و یادی رابردوو تێرامانی رۆحی و دواجار موجامەلەو زەیف و زۆررۆیی. زۆرکەم گۆتە توانیویەتی خۆی ناچار بکا چاوپۆشێ لە دەستکەوتەکانی رۆمانسیەت لەسەر ئاستی هونەر یان پەسەندی بکات و دانی پێدابنێت، نەك شتێتر ئەویش چونکە زۆر رقی لەوە دەبۆوە کە لە روالەتدا دەردەداربووە کە ئەوە خەسلەتێکی رۆمانسیەت بوو ئەمە وێرای ئەو خەمە بەهێزەی بۆ ئەگەری گەشەسەندنی ناجاویدانی.

لەراستیدا ئەو هونەرەی کە لە جیهان دووردەکەوێتەوە وەکو رۆمانسیەت گوزارشت لە بوونی راستەقینە ناکات، بەڵکو گوزارشت لە رەنگدانەوەی ئەو بوونە دەکات لە دەروونی هونەرمەندندا، ئەوە وەکو هەر زانستێك وایە کە سروشتی ئازاد وەك بابەتێك بۆ خۆی وەرناگرێ و، بەڵکو لادەکاتەوە بەلای ئەو دیاردە فەردیەدا کە بەشێوازێکی ئامادەکراوەو ئەوجا هەوڵی دابرانی دراوە بەهۆی دەزگاو ئامێرەوە. دەکرێ رۆمانسیەت وە لەو لەلایەنێکەوە دابنرێت بەکاردانەوەیەك بۆ جیهانی رابووەو خۆی دەگۆرێ بەهۆی عەقلانیەت و سروشتناسی و تەکنیکەوە بۆ مەرجێکی پراکتیك و لوژیکی لەمەرجە روالەتیەکانی ژیان بەشێوەیەك کە ئەو جیهانە بەمرۆڤی تاك لەناو تەواوی بونیدا شوێنێك نابەخشێ بەئاوات و خواستەکانی.

لەبەرئەوەی مرۆڤی تاك پەنای بردۆتە بەر جیهانی خۆی تا تیایدا ئارام بگرێ. رەنگە جیابوونەوەیەك لە واقیعی راستەوخۆی دیاردا هەبێت کە لە سایەیدا کارەکانمان دەگەنە ئەنجامێکی وا کە پێویستە بەرەنگاری ببینەوە. ئەگەر مرۆڤ هەستی کرد ئەو

جیابوونەوەیە ونبوونە، ئەوسا مرۆڤی تاك، وەكو گۆتە نیگەران و هەراسان بوو، ئەو مەسەلەیە زۆر ئەهوەن دەكاتەوە ئەگەر زۆر لێی خۆشحاڵ نەبوو ئەوە هەڵدێت بەرەو جیهانی خەون تا تەسلیمی سۆز ببێت و تا تۆزوگەردی گرانی بەرپرسیارێتی لەسەر خۆی و ئەوانیتریش بتەكێنێت وبەردەببێتەوە ناو جیهانی هەستە (ناكۆتاكان - لامتەناهییەكان): ئەوە جگە لەوەی كە گۆتە نەیتوانیوە هونەرێك پەسەند بكات كە هەوڵدەدا بۆ دارشتنی بوونی راستەوخۆ لەوێنەیەكی هونەریدا. هەروەهاش نەیتوانیوە رۆچوون بەناوپێچ و كوچەكانی ناودەروونی مرۆیی و زێدەرۆیی لەوەدا پەسەند بكات بەهەمان شێوەش هیچ هەنگاوێكی بەرەو ئەبستراكتی پیێ پەسەند نەبووە، كە پێویست بوو لەسەر سروشتناسی پێی هەڵسێت. رەتكردنەوەی ئەوە لەلای گۆتە لەهەردوو حاڵەتەكەدا دەگەرێتەوە بۆ پاڵنەر گەلی هاوشێوە. ئەو هاوشێوەییەش لەوە دوورتر دەروات و ئەگەرچی گۆتە نیگەران بوو لە ئەبستراكت لە زانستی سروشتداو لەمەترسی بەرفراوان بوونی تۆقیوە، هۆكارەكەشی تەنیا لەبەرئەوە بووە كە ئەو پێیوابووە لەوەدا هێزگەلی شەیتانی هەیەو نایەوێ دووچاری مەترسیەكانی ببێتەوە. ئەو هێزە شەیتانیانەشی لە كەسایەتی (میفیستۆ)ی شەیتاندا بەرجەستەكردووەو هەروەش دەیروانیە رۆمانسیەت كە هەمان هێزو هەمان كاریگەری تیابێت. گۆتە سەرلەنوێ ئەو فراوان بوونە بێسنووروەو ئەو بەدگۆرانە لەواقیع و دووركەوتنەوە لە پێوەرە نەگۆرو

دروستەكانی و ئەوجا مەترسی بەربوونەوە بۆ ناو ئەوەی دەردەدارەمان بۆ دەخوێنێتەوە، سەرباری ئەوەش ئەو شتەی كە رەنگە رۆڵی هەبووبێت لە هەڵوێست و رەفتارەكانی گۆتەدا، ئەوەیە كە شێوازە هونەرییە باڵاكە لەو قۆناغەدا بەرێژە لەوەوە نامۆبووە، ئەوەتا ئەو بیركاریەی كە دەكریێ بەشێوازێكی هونەری ئەبستراكتی دابنێین هەرگیز نەیتوانیوە گۆتەكێش و دیل بكات، لەگەڵ ئەوەشدا كە جێگای رێزو تەقدیری ئەوبوو. ئەمما لەسەر ئاستی مۆسیقا وابزانم رۆمانسیەتی ئەڵمانی گەورەترین دەستكەوتی هونەری پێشكەش كردووە هەرچەندە گۆتە ئەو مۆسیقایە كاری تێنەكردووە بەو شێوەیەی كە شیعر یان هونەری وێنەكێشان كاری تێكردبوو. ئێمە نازانین چ هزرگەلێ بوو لە مێشكی گۆتەدا دەسوورایەوە سەبارەت بەرۆمانسیەت ئەگەر ئەو زمانەی كە پێنجینەكانی شوبێرتی پێدەدوا بگەیشتبایە گوێیەكانی، ئەوسا دەبوو گۆتە بیزانیبا ئەو هێزانەی لێیان دەترساو، لەنێو ئەو مۆسیقایەدا زۆر كاریگەرتربوون لەوەی كە لەناو دانراوە ئەدەبیە رۆمانسیەكانی تردا هەبوون. ئەوە سەرچاوەكەیان (میفیستۆ)ی شەیتان نییەو مژدەی دەسەڵاتی ئەویش نادەن، بەڵكو ئەوە مژدەی دەسەڵات وەرگرتنی ئەو ناوەندەیان دەبەخشێ كە لوسیفر (هیبلیس) لەناویانەوە هات و لەناویشیان دەركرا. ئەوەی كە نامۆیی تیا نییە ئەوەیە كە دوانیەكان گوێیان نەدا بە ئامۆژگاری شاعیری مەزنی ئەڵمانیا لە هەڵسەنگاندنی رۆمانسیەتداو ئەوەی كە هونەر

تاڕادەیەکی زۆر ئاراستەی خۆی وەرگێڕاوە بەرووی ئەو پرس و بابەت و گرنگیانەدا کە رۆمانسیەت بۆ یەکەمین جار، بایەخی پێدان، ئەوەتا مێژووی مۆسیقاو وێنەکێشان و ئەدەب لە سەدەی نۆزدەهەمدا مەودای بەپیتی رۆمانسیەت لەسەرەتادا پیشان دەدا. ئەو مێژووە ئەوەشمان پێشان دەدا کە تا چەند خەم و رەخنەکانی گۆتە راستن و دروستن و وەك خۆیانن لەو رووەوە کە پەیوەستە بەزانستی سروشت و تەکنیکیەوە نەخاسمە ئەو دەمەی کە چاوی پێدادەخشێنین لەوکاتەوە تا ئەم سەردەمەی ئێستا. ئەوسا، مرۆڤ لەسەر ئاستی هونەر هەندێ دیاردەی گەندەڵی دەبینی کە زۆرجار جێگای تۆمەتبارکردن بوون. هەروەها لەسەر ئاستی تەکنیکیش وەك بەکارهێنانی چەکی ناوەکی هۆکاری ئەوەش وون بوونی ئەو ژینگەیەیە کە گۆتە بەدرێژایی ژیانی هەوڵیدا بیپارێزێت. ئەو شتەی گەردوون کۆدەکاتەوە و دەیبەستێتەوە.

کەواتە بابگەڕێینەوە بۆ پرسیارەکەی پێشتر ئاخۆ ئەو مەعریفەیەی گۆتە بەدواییدا دەگەڕا لە سروشتناسی تایبەت بەخۆی، واتە مەعریفەی دواین هێزەکانی خوڵقاندن و پێکهێنان، ئەوەی مۆرکی خوایی هەڵگرتووە لە جیهانی سروشتدا کە لە سروشتناسی هاوچەرخدا بەشێوەیەکی کۆتایی دوایی هاتووەو کە پێش هەموو شتێك راست و تەندروستە. لەبەرئەوەی بەمەزەندەو پێشبینی ئەوەم دەزانی کە وا لە گەردوون دەکات یەکانگیرو هاوبەند بێت لەناخمدا بۆیە من ئەو هێزە کارایەو ئەو رەگەزە بنەڕەتیانە دەبینم و لەمەولاش پێویستم بەوە نابێت پەنا ببەمە بەر ووشەگەل، ئەمە ئەوەیە کە گۆتە بانگهێشتی بۆ دەکرد.

لەسەر ئەو رێگایەوە بەرەو ئەو خواستە گۆتە لە تێڕوانینی سروشت دەگاتە رووەکۆکەی رەسەن. لەگەڵ ئەوەدا کە ئەو دیاردە رەسەنە ناکرێ ببێتە پرەنسیپ و تێکڕای دیاردەکان لێی وەربگرن، بەڵکو ئەوە دیاردەیەکی بنەڕەتیە لە هەناویا هەمەجۆر دەبینین. لەم بارەیەوە شیللر بۆ گۆتەی روونکردۆتەوە لە ڤییەننا لە ساڵی ١٧٩٤و لە یەکەم دیداریان کە پەیوەندی دۆستایەتی لێکەوتەوە، دیاردەی بنەڕەتی لەلای ئەو لەراستیدا دیاردە نییە، بەڵکو هزرەو پێمان باشە ئەمەی بخەینە سەر کە ئەوە بەچەمکی فەلسەفەی ئیفلاتونی (هزرە) لەبەرئەوەش کە مەدلولی ئەو هزرە مۆرکێکی خودی نابابەتی وەرگرتووە، بۆیە نەۆ ئێمە مەیلمان بەلای ئەوەدا دەچێت کە ئەو ووشەیە بگۆڕین بۆ واتایەکی تر کە بریتییە لە (بونیاد) یان (فۆرم) کەواتە رووەکۆکەی بنەڕەتی فۆرمێکی رەسەنە یان بونیادێکی بنەڕەتییە یان پرەنسیپی رووەکۆکەی دروستکارە کە نەك هەر بەعەقڵ دروست ناکرێ، بەڵکو، دەکرێ راستەوخۆ لە مەعریفەی پێشبین یان مەزەندەکاریدا جەختی لەسەر بکرێتەوە. ئەمما ئەو جیاوازیەی کە گۆتە بایەخێکی زۆری پێدا بریتییە لەو جیاوازیەی لەنێوان مەعریفەی راستەوخۆداو ئەنجامگیری عەقلانی پوختدا هەیە کە خەریکە بەتەواوی هاوتەریب خۆی بنوێنێ لەگەڵ ئەو جیاوازیەی

لە نێوان هەردوو جۆری مەعریفەدا هەیە لە فەلسەفەی ئیفلاتونیدا، واتە لە نێوان ئیبستیمی و زیانویاندا، هەرچی ئیبستمیە برتییە لەو یەقینە راستەوخۆیە کە مرۆڤ دەتوانێ پشتی پێ ببەستێ و بەهیچ شێوەیەك پێویست ناکا دوا ئەوە گەڕان ئەنجام بدات لەپشتی بەدوایدا بگەڕێ. ئەمما زیانویان بریتییە لە ئەگەری شیکردنەوەی هەمەکی و ئاکامی ئەنجامگیری لوژیکی. ئاشکرایە لەلای ئیفلاتۆن جۆری یەکەمی مەعریفەی (ئەبیستیمی) بەتەنیا هەڵدەستێ بەرۆڵی بەستنەوە لە نێوان ئەوەی کە حەقیقی و گەوهەریەو لە نێوان جیهانی بەهاگەلدا، لەکاتێکدا جۆرەکەی تری (زیانۆیا) مەعریفە، مەعریفەیەکی خاڵی لەهەر بەهایەك دروست دەکات، ئەوتەنیا شتەی شیللر هەوڵیدا روونی بکاتەوە لەکاتی گەڕانەوەدا لە موحازەرەیەك، کە پێکەوە ئامادەبوون، لەراستیدا فەلسەفەی ئیفلاتۆنی نەبوو، بەڵکو فەلسەفەی کانت-ی بوو، چونکە هزر لەلای کانت شتێکی ترە کە مەدلولی هەیەو زۆر خودیەتی تیایە. هەرچۆنێ بێت هزر بەچەشنێکی توندوتۆڵ جیایە لە دیاردە، تەنانەت دەربڕینەکەی شیللر گوایە، رووەکۆکەی رەسەن جگە لە هزر زیاتر نییە، لەناخدا گۆتەی نیگەران کردبوو لەوەڵامدا ووتی: خۆشحاڵم بەوەی کە هزرم لەلایە بەبێ ئەوەی کە بزانم و بەچاوی خۆم بیبینم.. گۆتە دەگێڕێتەوە ئەو وتووێژەی دوای وانە بێژیەکە دەبێ موتابق بێت لەگەڵ هزرێك چونکە لەوەدا ئەوەی جیاکەرەوەیە بۆ هزرەکە بەشێوەیەك ناکرێ تەریب بێت لەگەڵ هیچ ئەزموونێکدا.

لەبەر تیشکی فەلسەفەی ئیفلاتۆنی و وتووێژەکە لەسەر بابەتی گفتوگۆنیە وەك ئەوەی کە هزرە، بەڵکو ئەوە گفتوگۆیەکە ئەو ئامرازی مەعریفەیە وەردەگرێ کە بەهۆیەوە هزرەکەمان بۆ ئاشکرا ئەبێت. خۆ ئەگەر گۆتە بتوانێ بەچاو هزرەکان ببینێ کەواتە ئەوە چاوێکە جیاوازە لەو چاوەی خەڵکی ئاسایی لە بارەیەوە دەدوێن. هەرچۆنێ بێ مەحاڵە ئەو چاوە بگۆڕینەوە بەمیکرۆسکۆب یان تەنکۆڵەیەکی روناکی فۆتۆگرافی. ئەنجامی وتووێژەکە هەرچیەك بێت ئەوە رووەکۆکە رەسەنەکە هزرەو دەیسەلمێنێ کە هزرە. ئەوکات مرۆڤ دەتوانێ هەروەکو گۆتە دەڵێ لەو بونیادە بنەڕەتیە کلیلێك وەربگرێ بۆ هێنانەکایەی رووەك گەلی بێ شومار، بەوەش مرۆڤ دەگاتە تێگەیشتنی بونیادی رووەکۆکەکە.

تێگەیشتن مانای گەڕانەوە بۆ پرەنسیپێکی ساکاری بەیەکدا چووی یەکگرتوو. بەڵام ئاخۆ ئەوە چۆن خۆی دەنوێنێ لە زیندەوەرزانی هاوچەرخدا؟! لەبەر ئەوەی بونیادی بنەڕەتی لەم زانستەشدا هەیە، ئەو بونیادە بنەڕەتیە نەك هەر هەموو فۆڕمی رووەکەکە دیاری دەکات و بەس بەڵکو فۆرمی تێکڕای کائینە زیندووەکانیش. ئەوە ئەو شتە بچووکە زۆر وردەیە، ئەوە زنجیرەیەکی کراوەیە، واتە زنجیرەیەکی دوانەیی بەناوبانگی تریشی ناوەکیە. ئێمە نەهۆ پێویستمان بەناوهێنانی کیمیاییانەی تەواو نییە کە هێشتا ئاڵۆز ماوەتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە دوو زانای ئەمریکی (واتس) و (کریك کانا) بونیادو پێکهاتەکەیان پانزە ساڵە شیکردۆتەوە (بەر لە

خوێندنەوەی موحازەرەکە) ئەو بونیادە میراتی تەواوی کائینە زیندووەکانی هەڵگرتووە، بەحوکمی ئەزمونکاری بێ شومار لە مەیدانی زیندوەرزانی هاوچەرخدا، ناکرێ گومان بکەین کە ئەو وردیلەیە، هەڵدەستێت بەدیاریکردنی بونیادی کائینە زیندووەکەو لەوێشەوە بەشێوەیەك لە شێوەکانی ئەو هێزە دروستکارە دەکەوێتەوە کە بونیادی کائینی ئۆرگانی دەست نیشان دەکات. سروشتیە کە لێرەدا ماوەی درێژە پێدان نییە بەگوێرەی دروستی ئەو ووتەیە پێشتریش ئەوەی لە سروشتناسیدا بەگشتی دەربارەی راستی ووتەکان وتراوە شتێکی راست و دروستە. تەندروستی لەسەر میتۆدی زانستە سروشتیەکان و تێبینی و شیکردنەوەی عەقڵانی دەوەستێتەوە هەر کە بەسەر یەکەم قۆناغەکانی گوماندا سەرکەوتن بەدەست بێت لە گەشەسەندنی زانستی پسپۆڕدا ئەوکات تەندروستی لەسەر پێویستی و هاوبەندی تێکڕای رووداوە فەردیەکان لەکاری هاوبەش دا رادەبێت، هەروەهاش لەسەر تان و پۆیەکی گەورە لە ئەزموونەکان دەوەستێتەوەو ئەوەش خستنە سەرێك دەخاتە سەر ووتەی تەندروستی و بەهێزی دەکات و دوور رای دەگرێت لە تانەو گومان. دەنا خۆ ئێستا دەکرێ بونیادە بنەڕەتییەکە یان زنجیرە دوانییەکەی ترشی ناوەکی و بونیادی رەسەن لەلای گۆتە بەراورد بکرێن؟ بەڕاستی وردەکاری تیژبینی نادیار بۆ ئەو شتە لە سەرەتاوە رێنادات بەهیچ بەراوردکاریەك لەبەرئەوەی ئەو شتە بەشەکییە (جوزئیە) بچوکە کە هەڵدەستێ بەهەمان وەزیفە لە چێوەی زانستی ژیاندا، وەك بونیادی رەسەن لەلای گۆتە لە چێوەی زانستی رووەکدا، بۆیە دژوارە وتوێژ لەو بارەوە بکرێت. مەسەلەکەش لە هەردوو حاڵەتەکەدا مەسەلەی تێگەیشتنە لە هێزە دروستکارە وێنەگرەکان لە سروشتی زیندوودا، هەروەها مەسەلەی گەڕاندنەوەی ئەو هێزانەیە بۆ شتێکی سادەو ساکار، بۆ شتێك کە تێکڕای فۆرمە زیندووەکان تیایدا هابەشن. بەڕاستیش ئەمە ئەو شتەیە کە بونیادی رەسەنی بایۆلۆژی جوزئی بەدەستی هێناوە لە رۆژی ئەمڕۆماندا هەرچەندە ئەو بونیادە رەسەنە هێشتا لەسەر شتێك لە سادەیی و رۆحی سەرەتایی وەستاوەتەوە تا پێی بووترێ کائینی زیندووی رەسەن، چونکە هێشتا هەموو ئەو وەزیفانەی نیە کە لە کائینی ئۆرگانی تەواودا هەیە، بەڵام ئەوە رێمان نادات بەشێوەیەکی وەها وەسفی بکەین ئەوەشی هەیە کە لەگەڵ بونیادە رەسەنەکەی لای گۆتە کۆی دەکاتەوە. چونکە ئەوە بنیادی بنەڕەتی نییە، یان هزر یان وێناندن یان هێزێك نییە کە فۆرم دروست بکات و بەس، بەڵکو ئەوە شتێکیشە کە بەهەستەوەرەکان یان دیاردە دەرکی پێدەکرێ، لەگەڵ ئەوەدا کە ناکرێ بەچاوی ئاسایی تەماشای بکرێ و ناشێ بە رێگایەکی ناڕاستەوخۆ بەڵگەی بۆ بهێنرێتەوە. دەکارێ لەڕێی ئامێرە وردبینەکانەوە کە توانای شیکردنەوەی بەرزیان هەیە، یان بەهۆی هۆیەکانی شیکردنەوەی عەقڵانیەوە بناسرێن، بۆیە ئەوە بەڕاستی حەقیقەتێکە نەك تەنیا وەهم یان خەیاڵ. لێرەوە ئەم وەختە هەموو ئەو داوایانەی کە گۆتە لە بارەی دیاردە رەسەنەکەوە هەیبوون، پیشان بدات. بەڵام رەنگە ئەم پرسە جێی گومان بێ لەو بارەوە کە ئەگەر بتوانین ببینین و هەستی پێبکەین، یاخود بەپێشبینی دەرکی پێبکەین

هەروەك گۆتە دەڵێت، یان دەبێتە مەحاڵ بۆ بابەتی مەعریفەی پوخت بەچەمکی ئیفلاتۆنی، بەهەرحاڵ هەرچی بونیادی رەسەن هەیە لە زانستی ژیان ناچێتە ناو بازنەی ئەو روانگەیەوە، ناشتوانین هیچ بکەین جگە لەوەنەبێ کە وێنا بکەین کە ئەوە بۆ یەکەم جار لەبەردەم چاوانی دۆزینەوەکاراندا بەو دیمەنەوە دەردەکەوێ. کاتێ کە سەبارەت بەو پەیوەندیە پرسیار دەکەین کە لە نێوان تەندروستی و حەقیقەتدا هەیە لە سروشتناسی هاوچەرخدا دەبێ ئەوسا لەلایەنی پراگماتیەوە جەخت بکەینەوە لەسەر جیابوونەوەی تەواوی ئەو دووچەمکە، بەڵام ناکرێ ئەوە بەدوور بزانرێ کە مرۆڤ تێبینی شتێك لە نزیك بوونەوە لەوێ بکات، کە بابەتەکە باس دەکرێ هەروەکو لە بایۆلۆژیادا دەربارەی دەرککردن یان زانینی پەیوەندیە زۆر گەورەکان و ئەوانەی کە هەن و لە سروشتدا، لە ئەزەلەوە مرۆڤ دەستی لە دروستکردنیدا نییە، پاشان ئەو پەیوەندییە گەورانە دواتر لە بونیادە رەسەنەکەداو لە هزرە ئیفلاتۆنیە ئاشکراکەدا دەردەکەون. لەبەرئەوەی ئەو هزرانە سیستەمێکی سەرتاسەری جێگیر لە پشت خۆیانەوە ئاشکرا دەکەن، رەنگە بکرێ ئەو هزرانە نەك هەر لە عەقڵەوەو بەس بەڵکو لە مەیدانەکانی تری دەروونی مرۆییەوە کە پەیوەندی راستەوخۆی بەو سیستەمە سەرتاسەرییەوە هەیە، وەربگیرێن. بۆیە بەو پێیە هاوبەندییەکی راستەوخۆیان بەجیهانی بەهاکانەوە دەبێت. لەمەوە بەتایبەتی ئەوکات دەردەکەوێ کە دەچینە سەر یاسا گشتییەکانی مەیدانی بایۆلۆجیا و کیمیا و فیزیاو تەنیا لەم چەند دەیەی دواییدا پەیوەندی بەفیزیای بەشەکیی (جزئیات) بنەڕەتیەوە پێکەوە ناوە کەواتە لێرەدا بابەتەکە لەسەر بونیادە بنەڕەتیەکەی سروشت یان گەردوون بەگشتی دەدوێت. ئەو بونیادگەلە بەقولاییدا رۆچوون زیاتر لە بونیادە رەسەنەکان لە بایۆلۆجیادا بەگوێرەی ئەوە، ئەوە هێشتا زۆر ئەبستراکتەو واش دەکات ئەگەر گەیشتن پێی راستەوخۆ بەهۆی هەستەوەرەکانەوە زۆر کەمتر بێت لەوەی کە لە بونیادە رەسەنەکەی بایۆلۆجیادا هەیە. بەڵام ئەرکە گرنگەکەی بریتییە لە وێناندنی ئەوەی کە گشتییە، نەك ئەوە کە تایبەتییە، لەکاتێکدا پێویستە لەسەر بونیادە رەسەنەکە لە بایۆلۆژیادا نەك هەر تەنیا نوێنەرایەتی کائینی زیندوو بکات و بەس، بەڵکو لەسەریەتی کە کائینە زیندووە جۆربەجۆرەکانیش کە بێ شومارن لێك جیا بکاتەوە ئەوەش بەهۆی تێکڕای پۆلین کردنە شیاوەکان بۆ هەندێ کۆمەڵ کە کەمتر کیمیا ئین لەسەر زنجیرەکە. لەراستیدا بونیادی بنەڕەتی سروشت هەر هەمووی پێویستی بەهیچ نییە جگە لە وێناندنی بوونی ئەو سروشتە بەتەنیاو بەس، ئەم هزرە لە فیزیکدا بەم جۆرە دێتە دی: بەزمانی بیرکاری یاسای سروشتی بنەڕەتی یان شێوازی گەردوونی دادەرێژرێت هەروەکو ناوبەناو ناوزەد دەکرێ و لەسەر تێکڕای دیاردەکانی سروشتە کە پێویستی ئەو یاسایە جێبەجێ بکەن، کە هێما دەکات بەشێوەیەك لە شێوەکان بۆ ئەگەرو بوونی سروشت. سادەترین چارەسەریش بۆ ئەو هاوکێشە بیرکاریە ئەوەیە کە نوێنەرایەتی هەموو جۆرە جوزئیاتە گەوهەرییەکان دەکات کە ئەوانیش بەهەمان چەمك، شێوازی بنەڕەتین بۆ سروشت وەك تەواوی فۆرمە

ئەندازەییەکانی سروشت وەك شەش پالو و چوار پالو و رووتەختەکان کە ئیفلاتۆن بەشێوازی بنەڕەتی دایدەنان بۆ سروشت، ئەگەریش ئەو وتوویژەمان بیربێتەوە کە لە نێوان گۆتەو شیللردا روویدا، بۆ مان دەرئەکەوێ کە ئەوە، وێڕای ئەوەش (هزرگەلە) وەك بونیادە رەسەنەکەی لای گۆتە تەنانەت ئەگەر توانای بینینی بەچاو نەبێت و ئەگەریش بکرێ بەچەمکی گۆتە بناسرێت ئەوسا دەکەوێتە سەر هۆیەکانی ئەو مەعریفەیەی لەسەر سروشت پێشکەشی دەکەین. ئەوەی کە ووتویژ هەڵناگرێ ئەوەیە کە ئەو بونیادە بنەڕەتیانە راستەوخۆ هاوبەندن بەسیستەمە گەردوونیە مەزنەکەوە، بەو پێیەش هێشتا سەرپشك دەبین ئەگەر حەزمان لێبێت دەست بگرین بەسەر ئەو بەشە دیاریکراوەی ئەو هاوبەندیە گەورەیەدا، ئەوسا دەکرێ بەشێوەیەکی عەقڵی دەرکی پێبکرێت. با جارێکی تریش سەرنجی گەشەسەندنی مێژوویی بدەین، جیهان چ لە زانستی سروشتدا، یان لە هونەردا لەسەردەمی گۆتە بەدواوە بەهەمان رێگادا رۆیشتووە کە گۆتە ئاگاداری لە بارەیەوە داوەو بە پڕ لە خەتەرو مەترسی بینیویەتی. هەرچی هونەریشە ئەوە لەواقیعی بینراوی راستەوخۆ پاشەکشێی کردووەو پەنای بۆ جیهانی دەروونی خۆی بردووە لەکاتێکا کە سروشتناسی هەنگاوی گورجی هەڵگرتووەو رووەو ئەبستراکت و لەسەر ئاستی تەکنیکی هاوچەرخ پێشکەوتنی گەورەی بەدەست هێناوەو گەیشتووەتە بونیادی بایۆلۆژی بنەڕەتی و رەسەن و فۆرم گەلە رەسەنەکانی کە لە زانستی سروشتی هاوچەرخدا تەریب دەبن لەگەڵ وێنە ئیفلاتۆنیەکەدا. هاوکات ئەو هزرانە مژدەی خراپەکارییان دەدا هەروەکو گۆتە پێشبینی دەکرد، تەنیا ئەوەمان لەسەرە بەشت بوونی کارو رووت بوونەوەی لە هەموو رۆحێك، بێنینەوە بیری خۆمان و پێویستە لەسەرمان کە سەخافەتی چەکی ئەتۆمی و مەحاڵیەکەیان بیرنەچێت، یان هەڵهاتن بەرەو ئەو هەوەسەی کە شێوەی بزووتنەوەیەکی سیاسی وەرگرتبوو. لەراستیدا شەیتان خاوەنی هێزو درێژییە، ئەو دەڤەرە رۆشنگەراییەی کە پێشتر قسەی لەسەرکرا لەکاتی قسەکردن لەسەر مۆسیقای رۆمانسی کە گۆتەتوانی لە هەموو دەڤەرێکدا لەناو سروشتدا بیبینێت: ئەو دەڤەرە رۆشنەش لەناو زانستی سروشتی هاوچەرخدا ئاشکرابووە نەخاسمە لەو جێیەدا کە تیایدا سروشتناسی هاوچەرخ سیستەمێکی گەورەو بەیەکداچوو و یەکگرتوو بۆ بوون رادەگەیەنێت.. دەبا لە گۆتەوە فێرببین کە هەمیشە لێنەگەڕێین هۆیەکانی تر هەر هەموویان کەم ببنەوەو بچنە خانەی فەنابوونەوە لە پێناوی یەك ئامرازدا، کە بۆ ئاگاداری بریتییە لە شیکردنەوەی عەقڵانی هەروەها لێیەوە فێردەبین کە گرنگتر لەوە ئەوەیە کە دەست بگرین بەسەر واقیعدا بەهەموو ئەو ئامرازو دەزگاو هۆیانەی کە لە دەستماندایەو لێیەوە فێردەبین دڵنیابین لەوەی کە ئەو واقیعە ئەوەش ئاوەژوو دەکاتەوە کە گەوهەریە واتە (الواحد الاحد والخير والحق) و هیواداریشین ئاییندە پڕ خێرو خۆشی بێت وەك ئەم سەردەمەمان ئەو نەوەیەش کە من سەر بەئەوم خێردار بێت.